حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٤) لە ٢٠٢٣/١/١٥

بە پشتبەستن بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و، پشتبەستن بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٠) لە ١٥ کانونی دووەمی ٢٠٢٣، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٣) لە ٢٠٢١/٩/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسندکردنی ڕاپۆرتی بەڕێز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە ساڵی یەکەمی جێبەجێکردن و بەرەوپێشچوونی (پلانی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥)ی پەسەندکراوی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە(١١٢) لە ١٥ی ئەیلولی ٢٠٢١ کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ هەماهەنگیکردنی نووسینگەی بەڕێز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕاپۆرتەکە.

٣. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ئەرکی دروستکردنی هەماهەنگی و بەدواداچوون جێبەجێ دەکات بۆ ئەم مەبەستە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**